پەنجا هەزار هاووڵاتی مەدەنی بەهۆی شەڕ و ململانێ بەردەوامەکانی باکووری بەرما ئاوارە بوون

ئەمە هەینی ، نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند، نزیکەی پەنجا هەزار هاووڵاتی مەدەنی بەهۆی شەڕ و ململانێ بەردەوامەکانی باکووری بەرما ئاوارە بوون، کە لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمدا هاوپەیمانییەکی گرووپە چەکدارەکانی سەر بە کەمینە نەتەوەییەکان هێرشێکی بەرفراوانیان بە سەر هێزە سەربازییەکانی سەر بە ئونجوومەنی سەربازی دەسەڵاتدار دەستپێکرد.

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە هەماهەنگی کاروباری مرۆیی (OCHA) لە راپۆرتی خێیدا ئاماژەی بەوە کردووە، تاوەکوو ڕۆژی پێنجشەممە 9ـی تشرینی دووەم، نزیکەی پەنجا هەزار کەس لە ویلایەتی شان (باکوور) ناچار بوون هەڵبێن.

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە هەماهەنگی کاروباری مرۆیی (OCHA) سەرنجی بە ئەوەش راکێشاوە، هەفتەی رابردوو 23 هەزار کەسی دیکە ناچار بووبوون شوێنەکانیان بەجێبهێڵن و ئاوارە بن. هەروەها هەشداریشی داوە ئەگەر ململانێ چەکدارییەکان بەو شێوەیە بەردەوام بێت، ژمارەی ئەوانەی ئاوارە دەبن زیاتر دەبێت